حوكمەتی هەرێمی كوردستان عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سۆران ـ فاكەڵتی ئاداب
بەشی جوگرافیا ـ قۆناغی سێیەم

# لێكۆڵینەوەیەكی جوگرافی بۆ دابەشبوونی هەرێمە پیشەسازییەكانی كیشوەری ئەمریكای باكور

ئامادەكردنی:
كارێز ڕسول نبی
مامۆستای بابەت:
م. ی. شێروان حسێن شینك باڵەكی

2023 – 2022

# ناوەڕۆك :

پیشەسازی

مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی پیشەسازی

گرینگترین ئەو هۆکارانەی کار لە دامەزراندنی پیشەسازی دەکەن

دابەشبوونی پیشەسازی لەسەر بنەمای سەرمایە و جۆری بەرهەم

پیشەسازی لە کیشوەری ئەمریکای  باکور

دابەشبوونی هەرێمە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور


دابەشبوونێکی جوگرافی بۆ پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور

گرینگترین تایبەتمەندییە  پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور

گرینگترین ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازی لە کیشوەری ئەمریکای باکور


لیستی سەرچاوەکان

# پیشەسازی :




- پیشەسازی : بریتیە لە گۆڕینی کەرستەی خاو یان مادە کە شێوەی بەکارهێنان و بەهاکەی دەگۆڕێت .
- پیشەسازی : بریتیە لە کرداری گۆڕینی کەرستەی خاو بۆ کەل و پەلی دروستکراو یان نیمچە دروستکراو جا ئەم گۆڕینەش بە هێزی بازوو بێت یان هێزی میکانیکی ، بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ یان لە پێناو بازرگانی و بەدەست خستنی قازانج .

# مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی پیشەسازی :




پیشەسازی هەر لە کۆنەوە لەگەڵ جێگیربوونی مرۆڤ لەسەر زەوی سەری هەڵداوە ، باشترین نموونەش سەردەمی (چاخی بەردینە) کە مرۆڤ بەشی زۆرینەی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی لە بەرد دروستکردووە ، وەك : دروستکردنی (چەقۆ ، قاب ، تەنانەت ئاگریش) هەربۆیە ئەم سەردەم بە سەردەمی چاخی بەردین ناونراوە.

بەڵام دووابەدووای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم لە ئەوروپا دوواتر بەهەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە و گەشەیکرد .

# گرینگترین ئەو هۆکارانەی کار لە دامەزراندنی پیشەسازی دەکەن :

سەرمایە

بازاڕ

شوێنی جوگرافی

دەستی کار

وزە

تەکنەلۆجیا

کەرستەی خاو

گواستنەوە

ڕامیاری میری

# پیشەسازی لەسەر بنەمای قەبارەی سەرمایە و جۆری بەرهەم دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر :




# پیشەسازی لە کیشوەری ئەمریکای باکور




- وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ( U . S .  A ) : لە ڕیزبەندی پلەی یەکەم دێت لە نێوان وڵاتانی جیهان ، شوێنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی (بەریتانیا) ی گرتۆتەوە کە بە ڕێژەی (30%) بەژدارە لە پیشەسازییە جیهانیەکان ، گرینگترین بەرهەمە پیشەسازیەکانی بریتین لە :

1. پیشەسازییە قورسەکان : پیشەسازی ئاسن و پۆڵا ، پیشەسازی دروستکردنی کەشتی و فڕۆکە ، ئۆتۆمبێل .
2. پیشەسازییە سوکەکان : پیشەسازی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان وەك : (کۆمپیوتەر ، مۆبایل) ، چەك ، پترۆکیمیایی .




**کەنەدا :** بە دووەم گەورەترین وڵات دادەنرێت لە دوای (ڕوسیا) لە ڕووی ڕووبەرەوە ، بەڵام تەنها ¾ گونجاوە بۆ نیشتەجێبوون ، لە گرینگترین بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتین لە :

**پیشەسازییە قورسەکان:** پیشەسازی ئاسن و پۆڵا ، پیشەسازی پاڵاوتنی نەوت ، پیشەسازی دروستکردنی ئۆتۆمبێل.

**پیشەسازییە سوکەکان:** پیشەسازی مادە کیمیایەکان ، مادده خۆراکیەکان

**کەنەدا :** پێشەنگە لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی وزەی کارەبا کە بە ڕێژەی (15%) بەژدارە لە بەرهەمهێنانی ، بەسود وەرگرتن لە ڕوباری (سانت لۆرانس) و تاقگەی (نیگارا) بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا .




مەکسیك : بە ڕێژەی (%15) دەستی کاری تیایە ، دەوڵەمەندە بە بەرهەمە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان بە پشت بەستن بە کەرستەی خاوی کشتوکاڵی و کانزایی لە گرینگترین بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتین لە :

1. پیشەسازییە قورسەکان : ئاسن پۆڵا ، پاڵاوتنی نەوت ، دروستکردنی فڕۆکە ، ئۆتۆمبێل .
2. پیشەسازییە سوکەکان : قامیشی شەکر ، ڕستن و چنین ، پیشەسازییە خۆراکیەکان ، جگەرە .

https://www.invest.mexicoindustry.com




نەخشەی دابەشبوونی هەرێمە پیشەسازییەکان
کیشوەری ئەمریکای باکور Arc Gis 10.7:

# دابەشبوونی هەرێمە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور :

1ـ **هەرێمی ناوەڕاستی کەناری زەریایی ئەتڵەسی :** ئەم هەرێمە لە نیۆرکەوە بەرەو شاری بلتیمۆر درێژ دەبێتەوە لەوێشەوە بەرەو کەناراوەکانی زەریای ئەتلەسی ، ئەم هەرێمە تایبەتمەندە بە پیشەسازییە (قورس و سوکەکان).

2 ـ **هەرێمی باکوری ئەپەڵاش :** ئەم هەرێمە دەکەوێتە بەشی باکوری چیای (ئەپەڵاش) لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا ، ئەم هەرێمە تایبەتمەندە بە کێڵگەی خەڵوز (پەنسلڤانیا) مەڵبەندی سەرەکی ئەم هەرێمەیە .

3 ـ **هەرێمی باشوری نیوئینگلاند :** ئەم هەرێمە لە ویلایەتی (نیوئینگلاند) چڕ دەبێتەوە ، بەرهەمە پیشەسازیەکانی بریتین لە : (کارگەی دروستکردنی قوماش ، سوف ، لۆکە) شاری بۆستن مەڵبەندی سەرەکی ئەم هەرێمەیە .

# دابەشبوونی هەرێمە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور :

4ـ**هەرێمی دۆڵی سانت لۆرانس :** کرۆکی ناوچەی پیشەسازییە لە کەنەدا چەقەکەی **شاری مۆنتریاڵە** کە بە ڕێژەی **(13%)** دەستی کاری تیایە ، بەناوبانگە بە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا .

5ـ**هەرێمی کەناری زەریایی هێمن :** ئەم هەرێم چڕ دەبێتەوە لە ویلایەتی **(کالیفۆرنیا ، سانفرانسیسکۆ ، لۆس ئەنجلس)** ، لە گرینگترین بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتین لە : پیشەسازی تەختە و خواردەمەنیەکان

6ـ**هەرێمی تێکساس و دەشتەکانی کەنداوی مەکسیك :** ئەم هەرێمە ناوچەیەکی پیشەسازی نوێیە لە هەریەك لە شارەکانی **(هۆستن و دالاس)** کۆبۆتەوە ، لە گرینگترین بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتین لە: پاڵاوگەکانی پاڵاوتنی نەوت .

# دابەشبوونی هەرێمە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور :

7 - هەرێمی باشوری ڕۆژهەڵات : ئەم هەرێمە دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی چیای ئەپالاش ، پشت دەبەستێت بە هێزی نەوت ، لۆکە و پلاستیك ، مادەکیمیایەکان بەرهەم دێنێت .

8 - هەرێمی شیکاگۆ : دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، مەڵبەندێکی گرینگی پیشەسازییە کە بەڕێژەی (%5) دەستی کاری پیشەسازی تیایە ، لە گرینگترین بەرهەمە پیشەسازییەکانی بریتین لە : پیشەسازی بەرهەمهێنانی ئامێرە کارەباییەکان بە تایبەتیش (کۆمپیوتەر) .

9 - هەرێمی مشیگان : ئەم هەرێمە دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا نزیك دەریاچەی سوپەڕیۆر یەکێکە لە گرینگترین هەرێمە پیشەسازییەکان لە ڕووی پیشەسازی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل نەك بە تەنها لە کیشوەرەکە ، بەڵکو لە هەموو جیهان بەڕێژەی (%30) دەستی کاری تیایە لە پیشەسازی دروستکردنی ئۆتۆمبێل .

# گرینگترین تایبەتمەندییە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکور:

1. بەرزی کوالێتی بەرهەمە پیشەسازییەکان.

2. جۆراوجۆری بەرهەمە پیشەسازییەکان.

3. بەرهەمە پیشەسازییەکان شێوەیەکی بازرگانیان هەیە ، دەرچوونە لە شێوەیی سەرەتایی.

4. بە نزیکەیی (22) ملیۆن کارگە لە کەرتی پیشەسازی کاردەکەن بە ڕێژەی (15%) کۆی گشتی دانیشتوان لە خۆدەگرێت.

# گرینگترین ئەو هۆکارانەی بوونەتەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازی لە کیشوەری ئەمریکای باکور :

1. فراوانی ڕووبەری کیشوەرەکە .
2. بوونی تۆڕێکی پێشکەوتووی ڕێگاوبان و گواستنەوە .
3. بوونی بازاڕێکی ناوخۆیی و دەرەکی .
4. بوونی سەرمایە بە هەردوو جۆریەوە ، سەرمایەی (جێگیر و ناجێگیر) .
5. پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆجیا بە مەبەستی باشترکردن و پێشخستنی بەرهەمە پیشەسازیەکان .
6. دەوڵەمەندی کیشوەرەکە بە کەرستەی خاوی ( کشتوکاڵی و کانزایی ، ڕووەکی ) .
7. فێرکاری چۆنیەتی کارکردن لە پرۆژە پیشەسازیەکان بە باشترین و گونجاوترین شێوە .

# دەرئەنجام :

1. پیشەسازی : واتە گۆڕینی کەرستەی خاو یان مادە کە شێوەی بەکارهێنان و بەهاکەی دەگۆڕێت .

2. پیشەسازی هەر لەگەڵ جێگیربوونی مرۆڤ لەسەر زەوی سەری هەڵداوە ، بەتایبەتیش لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆن .

3. پیشەسازی لەسەر بنەمای قەباری سەرمایە و بەرهەمهێنان دابەش دەبێت بۆ دووجۆر ( پیشەسازییە قورسەکان ، پیشەسازییە سوکەکان) .

4. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا  بە ڕێژەی (30%) بەژدارە لە پیشەسازییە جیهانیەکان ، گرینگترینان پیشەسازی (ئاسن ، پۆڵا ، پیشەسازی دروستکردنی کەشتی ،  فرۆکە ، ئۆتۆمبێل ، چەك) .

# دەرئەنجام :

5 . کەنەدا : پێشەنگە لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بە سود وەرگرتن لە ڕووباری (سانت لۆڕانس) و تاڤگەی نیگارا ، بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

6 . بەرزی کوالیتی بەرهەمە پیشەسازییەکان و جۆراوجۆری بەرهەمە پیشەسازییەکان ، لە گرینگترین تایبەتمەندییە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئەمریکای باکورن .

7 . فراوانی ڕووبەری کیشوەرەکە و بوونی تۆڕێکی پێشکەوتووی گواستنەوە ، کەرستەی خاوی (کشتوکاڵی ، کانزایی ، ڕووەکی) لە گرینگترین ئەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازی لە کیشوەری ئەمریکای باکور .

# لیستی سەرچاوەکان :


١- د. علی موسا ، د. محمد الحماری - وەرگێڕانی بۆسەرزمانی کوردی : ڕێبازلقمان مصطفی (جوگر افیای ئەمریکای باکور - ئەنگلۆسەکسۆن) چاپی یەکەم – چاپخانەی چوارچرا ، ساڵی ٢٠١٠ زاینی سلیمانی ، ل٦٠-٧٠ .

٢- د. صالح مصلح ، د. بسام عبدالرحمان ، د. احمد سحید حدید ، د. عبدالرزاق - وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی : خەسەرەومستەفا ، عبدالکریم محمد ، عمر معروف ، حەمە غریب ( جوگر افیای ئابووری پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی ئامادەیی) - چاپی ١٧ ، ساڵی ٢٠٠٩ زاینی ، ل ١٧٥ - ١٩٣

٣- المؤلف : فوزی سحید لجدبة ، الکتاب أو المصدر : الجخر افیة الاقتصادیة ، الجزء والصفحة : ص٢٣٣-٢٣٤ ، التاریخ : ٢١ - ٤ - ٢٠٢١ ، ١:٤٩ صباحاً

https://www.almerja.com.

زۆر سوپاس بۆ گوێگرتنتان

..................... ؟؟؟ .....................